# عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) تێکۆشەر یا جاسوس

نووسینی : نوری محەمەد ئیسماعیل

**فەهد گردەوانی**

**ڕوونکردنەوەی کتابەکەی**
**ژیان و بەسەرهاتی**
**عەبدولڕەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)**

لەندەن ١٩٩٩/٩/١٢

((ئەمن پێم باشە ئەگەر بۆت بکرێ نامەیەک بۆ سەدام حوسێن بنووسی ، بلێی کە من ئەوە خوارزای فلانەکەسم و ئەو کەسە قاموسێکی ئاوای داناوە، کاتی خۆی کە مفاوزات هەبوو لە بەغدا ئەمن هاتم بە هۆی فلان کەسەوە، دوکتۆر فازیل بەڕاک پێی وتم شتەکان لای ئێمەیە بەڵام ئەگەر مفاوزات سەری گرت دەتان دەینەوە، بلێ زۆر مەمنون دەبم کە ئەو شتانەم بدەنەوە یان هیچ نەبێ خۆتان قامووسەکەی چاپ کەن . کاغەزێکیش بنووسە بۆ تەها محیّدین مەعروف کە زۆر دۆستی زەبیحی بوو، کاغەزەکەی سەدام بخە ناو کاغەزەکەی ئەو و بزانە دەڵێن چی؟! هیچ ڕێگای تر نییە رەنگە سەدام عەقڵی بیبرێ و بلێ بیاندەنەوە !...مام جەلال لاپەڕە ۳۲۱)))

پاش روخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ، ژیان و تێکۆشانی زەبیحی کۆتایی پێهات . ناوی کەوتە بن گۆمی لێڵ و دۆستانی نزیکی عولەما و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران یادوناویان لە هیچ نووسراوەیەکدا نەهێنا و بە قەولی هەژاری شاعیر لە سۆنگەی هەڵبەز هەڵبەز دا بە دەستی رژێمی بەعسی فاشیست لە بەینچوو. هەستی خوارزایی و خانەوادەیی وای لە (عەلی کەریمی خوارزای) کرد کە هەوڵ بدا ئەو ناوە لە گۆمی قوڕاو رزگار بکات و ئەمجارەیان وەکو تێکۆشەر و نووسەر بە کوردی بناسێنێ و ئەمیری حەسەنپوری لێ بکا بە شاهید و بۆی بنووسێ :(تێکۆشەرێکی کە هەوڵ رێکخراوی

سیاسی نوێباوی کوردی دامەزراند و بەرێوە برد لە ئاخری ژیانی دا لە وڵاتی خۆی نامۆ بوو و مۆری جاشێتی و بە عسێتی و جاسووسی لێدرا ل٤١)، ئەوەشی لێ زیاد بکا و بلێ (لاپەرەیەکی تاریک لە ژیانی سیاسی دا پێوەندی گرتن لەگەڵ تەیموری بەختیار و پەناهیان و پەژمان و دەستە و دایرەی دژ بە ئێرانە) بەمحاڵەش بلێ :(تاقە کەسێک لە بناخەدانەرانی کۆمەڵەی ژ.ک کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان هەڵسوڕاو و ژیانی تەواو وەختی سیاسی هەبوو و چالاکانە لە رووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دا بوو عەبدولڕەحمانی زەبیحی بوو.....ل٦٥).

وادیارە لە نێو کورداندا ئەو کەسانەی خوێندنی بەرزیشیان هەیە و پێتی (دال یش) بە کۆڵیاندا ئەکێشن لە ئاست نووسینی راست خامەیان دەلەنگێت و دەیانەوێ بە نووسینی هێندێ شتی ناڕاست رووداوەکان ئاوەژوو نیشان بدەن. بە پێچەوانەی شاهیدی نابەهەقی دوکتۆر ئەمیری حەسەنپور دوای روخانی کۆماری کوردستان زەبیحی رادەکا و مەیدانی خەبات بەجێ دێڵێ و لە کاتێکا لاوانی تێکۆشەری رۆژهەلاتی کوردستان بۆ زیندوو کردنەوەی خەبات دەکەونە بەر حەپس و ئازار و نەفی ، عەبدولرەحمانی زەبیحی لە کولەکەی تەڕیشدا ناوی نامینێ و بزر دەبێ . لەوکاتەدا کە زەبیحی لە (مەلهای عبدالله شەریف)لە بەغداد هەوڕان دەشوات ، سەرۆک و یەکەم کەسی کۆمەڵەی ژ.ک ( حوسێنی زێرینگەران) وەک مامۆستا شێخ عیزەددینیش قۆڵی بۆ دەکێشێ بە تاوانی درێژەی خەبات و سەر دانەنواندنی بۆ رژێمی شا لە بەندیخانەکانی ئێران دەتلێتەوە. زەبیحی نەک هەر ((چالاکانە لە رووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەشدار نیە)) بەڵکو تا دەست تێکەڵکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق وهاو کاری لە گەڵ ئەمن و ئیستیخباراتی عیراق نەکەس دەیناسێ و نە ناوی هەیە .

بەختی زەبیحی لێرەدا دەیگرێ کە عەلی کەریمی لەدەرەوەی کوردستانەو ئەگەر وا نەبایە بۆی نەدەکرا ئەو ئەرکە بەجێ بگەیێنێ و کتێبی لەسەر

بنووسێ بیهەوێ زیندووی کاتەوە. عەلی لەبەرئەوەی سەر بە گرووپی کۆمەڵە و هەواداری مامجەلالە، بۆیە تەنها کۆنەجەلالییەکانی دۆزیوەتەوە و ئەو کەسانەی بەسەر کردۆتەوە کە دەرچووی ئەو قوتابخانەیەن . جا پەکیشی نەکەوتووە لەسەر ئەوەی کە کۆنە ساڤاکی و موستەشار و بەعسی و جاشیش بۆ شاهیدی لە سەر خاڵی بهێنێتە گفتوگۆ . بۆ خۆشکردنی مەزەی کتابەکەی نامەی غەنی بلوریان و چاوپێکەوتنی حەمەدەمین سیراجی ویوسف ریزوانیشی بەسەر داکردووە . من لەوباوەرەم ئەگەر ئەو بەرێزانە بیانزانیبایە ناوی ئەوانیش دەکەویتە ریزی ئەو ناوانە رەنگە ئامادەگیان بەو شێوەیە نیشان نەدابایە، چونکە پێم وانیە ئەوان لە فیکر و بیروباوەر و کردەوەی زەبیحی یەوە نیزیک بن .

ئەو مۆزایکە سەیرەی کە ناوەکانی پێ رێزکراوە : (عەبدوللا ئیسماعیل ... شێخ لەتیف بەرزنجی...د. عێزەدین مستەفا رەسول...ئیبراهیم ئەحمەد...جەلال تالەبانی...شێخ عێزەدین حوسێنی...عیسی پژمان... سەلاح موهتەدی...نەوشێروان مستەفا). بۆ من کارەکان زیاتر دەکێشی کە هەریەک لەوناوانە بۆ خوێنەری کورد شێبکەمەوە و باسی رابوردوویان بکەم چونکە رەنگە لە ناو لاوانی کورد دا ئەوەندە شارەزاییان لەسەریان نەبێ هەروەکو چۆن کاتێ زەبیحی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بەعس گەراوە مەهاباد زۆربەی لاوانی مەهابادی ناوی زەبیحیان لەبیر چو بۆوە یا ناویان نەبیستبوو وەک دەڵێن هەر کەس بە لاشیەوە نە چوو.

ئەوکتابەی عەلی کەریمی نرخی ٢٥٠ کرۆنی سویدی یە و ٦٨٦ لاپەرەی قەوارە گەورەیە. چەند دانەی لە وێنەی (سەربازی ون زەبیحی) لەگەڵ بابەتەکانی پێشووی عولەما کە بلاوی کردبۆوە جارێکی تر چاپکراوە. زەبیحی لەکاتی گەنجیدا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (ژ.ک)و بە پێچەوانەی بۆچوونی عەلی کەریمی و هێندێ لە شاهیدەکانی بە سکرتێری کۆمەڵە هەڵنەبژێردراوە و تەنیا ئەرکی بەرێوەبردنی چاپخانە وبەشی راگەیاندنی کۆمەڵەی ژ.ک ی پێ ئەسپێردراوە. بەلام وادیارە

لەم کارەی دا لە بەرەی خۆی زیاتر پێی راکێشاوە و کەوتۆتە خزمەتی دەزگای جاسوسی سۆڤیەت و راپۆرتی هەموو کاروباری کۆمەڵەی ژ.ک ی داوە بە کونسولی سۆڤیەت لە تەورێز.
لەوکاتەدا وەکو جاسوسێک هەواڵی هاورێکانی وحیزبەکەی (ئەگەرچی رێکخستنەکەشیان نهێنی بووە و سوێندیشی خواردووە کە نهێنیەکانی بپارێزی )بە روسەکان گەیاندووە و ناو و شوێنی کارکردنی هاورێکانیشی ئاشکراکردووە( سەیری ل ٦٢٥) بکە لیستەی ناوەکانی نووسیووە . زەبیحی دەستی لەوکارە هەڵنەگرتووە و هەموو جۆرە زانیارێکی پێشکەشی رووسان کردووە . عەلی کەریمی لە نووسینەکەیدا زۆری هەوڵ داوە کە زەبیحی بکاتە کەسێک کە گوایە بەر بەرەکانی قازی محەمەدی کردوە و لەبەر ئەوە بوە کە لە کۆماری کوردستاندا سەرە پەتێکیان پێ نەسپاردوە. بەڵام هۆی دەرنەکەوتنی زەبیحی لە دام و دەزگای کۆماری کوردستاندا رەنگە هەر ئەوە بووبێت کە قازی محەمەدی شەهید و ئەوانەی لەنزیکیەوە ناسیویانە ئاگاداری ئەوکارانەی بووبن بۆیە لە کۆمار و لە دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا رێگایان لێگرتووە کە هەموو کارە بێت .
ئەگەرنا دەبوایە رۆشەنبیرێکی وەکو ئەم و سەر نووسەری گۆڤارێکی وەکو نیشتمان وەک عەلی خوارزای باسی دەکا ، بەلای کەمەوە ببێتە وەزیری رۆشنبیری کە تا ئەوکاتە لەناو حکوومەتی کوردستاندا کەسی شارەزای وەکو عولەما ناسراو نەبووە. پاشان کە رووداوەکاتە سوریاش هەمان دەور دەبینی و هەتا مامجەلالیش لەرێگای ئەم لێپرسراوانی سوریا دەناسی وپەیوەندیان پێوە دەگرێ .[مامجەلال لە لاپەرەی ٣٠٥دا دەڵێ: بەهۆی مامۆستا زەبیحی کە فایق سامرایی دەناسی ، جێگیری سەرۆکی حیزبی ئیستقلال بوو لە بەغدا، حیزبێکی عەرەبی قەومی بوو وە سەدیق شەنشەلی دەناسی کە سکرتێری ئەو حیزبە بوو....بەهۆی ئەوەوە تانیمان ئەو سەردەمە رەئیسی پارلمانی سوری ئەکرەم حۆرانی ببینین ، رەئیسی حیزبی بەعس میشێل ئەفلەقمان دیت ،رەئیسی دائیرەی ئیستخباراتی سیاسی عەبدولحەمید سەراجمان

دیت.}
جێگای گومان نیە کە زەبیحی هاوکاری کردوون ئەگەرنا چۆن کوردێکی ئێرانی عەرەبی نەزان و دەربەدەر لە وڵاتێکی غەریبی وەک سوریا ئەو کاربەدەستانە دەناسێ . گەلۆ دەبێ زەبیحی خۆی بەسەرکۆماری کوردستان و یا رابەری حیزبی دێموکرات ناساندبێ؟؟!!
عەلی کەریمی بۆ بە پاڵەوانکردنی خاڵی لە نووسینەکەیدا سەری هەودای لە چنگ بەر هەڵدەبێت و خەیاڵ هەڵیدەگرێ و دادگایەکی خەیاڵی لە تاران بۆ خاڵی ساز دەکا و دەیخاتە دیفاع لە ئاڵای کوردستان (ل١٣٣)لە هیچ بەڵگەو نووسراوەیەکدا باسی ئەوە نەکراوە کە ئەو سێ کەسەی ئەو دەم گیرابوون (زەبیحی و دڵشاد و قاسمی قادری) لە تاران دادگایی کرابن . چۆنە ئەو دیفاعیاتەی زەبیحی تەنیا کەوتۆتە دەست عەلی کەریمی و ئاماژەشی بۆ سەرچاوەکەی نەکردووە. پاشان بۆ هەر زەبیحی دیفاعی کردووە ئەدی دڵشاد و قاسمی قادری !!؟؟. لەوەش سەیرتر لە کاتێکا عەلی کەریمی بە هاوکاری ئەمیری حەسەنپور لە نووسینەکەیدا کۆشش دەکا قازی محەمەد بە نەیاری زەبیحی بناسێنێ . لەپڕ خاڵی دەکاتە قاسیدی قازی محەمەد کە بچێ بۆ حەفدە ماڵی سابڵاغی لە رووسەکان داوای پەنابەری سیاسی بکات (ل١٤٢). پرسیار ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکیەی نێوان زەبیحی و قازی محەمەد بە قسەی ئەمیری حەسەنپور و عەلی کەریمی چۆن بوە زیاد لە هەموو کەس قازی محەمەد زەبیحی دەنێرێ کە داوای پەنابەری سیاسی بۆ حەفدە ماڵی سابڵاغیان بکات !!؟؟ قازی محەمەدی کە سەبارەت بە پاراستنی سابڵاغیان نارِوات وخۆی بە کوشت دەدات ، چۆن تەنیا بۆ حەفدە ماڵی سابڵاغی داوای پەنابەری سیاسی دەکات !!؟؟ رەنگە هەر عەلی کەریمی بتوانێ ئەم شانۆیە هەڵبەستێ و کاغەزی پێ رەش کاتەوە.
لەم بوارەدا بابزانین دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ چی پێیە ((من لە خۆی مامۆستا زەبیحیم بیستووە کە هاتوون بۆ عێراق وتی تەنیا یەک

ئۆتۆمۆبێلی جیپمان مابوو ، سوپای ئێران نازانم سەرهەنگ غەفاری بوو کێ بوو هاتبوو نیزیک مەهاباد ببۆوە، وتی چوومە خزمەت قازی و وتم تۆ لەگەڵ مەلامستەفا نەچووی بۆ سۆڤیەت ، ئەوە کە مەلامستەفا چووە بۆلای پێشەوا و پێی وتووە هەموو دەزانن ، وتی نوری سەعید بەرێگای بابەکر ئاغای پشدەرییەوە خەبەری بۆ بابە شێخ ناردبوو کە ئەو و قازی محەمەد دەتوانن بێن بۆ عێراق و بێن بە پەنابەر، وتی پێموت بە قازی تۆ بۆ سۆڤیەت نەچووی ، فەرموو ئەوە یەک ترومبێلی جیپمان ماوە فەرموو سواربە و دەچین بۆ عێراق ، وتی قازی پێکەنی و وتی رەحمان شۆڕەوی شۆڕەوی منە پێش ئەوەی شۆڕەوی مەلامستەفا بێ ، من چوومە باکۆ و چوومە کوێ و....،پەیوەندی قازی و شۆڕەوی وحەتا لە قازی فەتاح و تەزار و... دەزانی ، وتی شورەوی ئی منە بەڵام بەیەک سەبەب ناچم ! من بڕۆم ئەرتەشی ئێران دێن دەرپێ لە پێی ژنە سابلاغی دادەکەنن ! من بۆ دیفاع لەو خەڵکە دەمێنمەوە و هەموو شت ئەهێنمە سەر شانی خۆم بەڵام تۆ مەمێنەوە و برۆ! وتم نا ئەمێنمەوە لەگەڵتا چۆن بەجێت دێڵم ! وتی نا تۆ دەبێ بڕۆی ! من دەمکوژن نامکوژن هیچ نییە رەنگە نەشمکوژن !...ل٢٣٧-٢٣٨).

جا ئەو هەموو پێداگرتنەی ئەمیری حەسەنپور و عەلی کەریمی لەسەر ناکۆکی زەبیحی و قازی مەعلوم نیە لەگەڵ فەرمایشاتی عیزەدین مستەفا چۆن دێتەوە کە گوایە لە خودی زەبیحی بیستوە. بەلای منەوە لەم بوارەدا هیچیان راست ناکەن نە زەبیحی ئەوە بووە کە قازی دژایەتی بکات و نە زەبیحیش پێشنیارێکی ئەو تۆی بە قازی کردوە و وێناچێ زەبیحیش ئەوەی بە عیزەدین مستەفا گوتبێت .

پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز کە عەبدولکەریم قاسم هاتۆتە سەرکار ، زەبیحی لە سوریا دەگەرێتەوە و خۆی لە قاسم نیزیک کردۆتەوە جا ئەو نزیکبونەوەش دیار نیە لەکامە رێگاوە بووە. کەریم قاسم دەکرا لە رێگای (کەمال عوسمان ) و پارتی و شیوعی ببینرێ بەڵام زەبیحی بەر لەمان پەیوەندی لەگەڵ کردووە ، پاش کودەتای بەعسیە

فاشیستەکان لە شوباتی ١٩٦٣ لەدەستی بەعسییەکان قوتاربووە و نەگیراوە و راونەنراوە لەوشار بۆ ئەوشار هاتووچۆی کردووە.
بە قسەی پژمان (ل٦٤٦){یەک دووجار بە نەهێنی بۆ راپەراندنی کاروباری حیزبی لەتەک عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری هات بۆ تاران و لە مالّی من دەبوون...}
سەلاحی موهتەدی دەلّێ : {مەکتەبی سیاسی پارتیش کە پێشووتر لە دژی رێک کەوتنەکەی مەلا مستەفا و عەبدولسەلام عارف دەستیان دابووە چەک، لە بەرامبەر هاوکاری سیاسی وعەسکەری بارزانی و بەغدادا تاق مانەوە و پشتیوانیی ئێرانیش بە درۆ دەرچوو ،ناچار پاشەکشەیان کرد بۆ ناو خاکی ئێران و لە هەمەدان و تاران نیشتەجێ بوون .وام لە بیرە هاوین بوو کە مامۆستا عومەر مستەفا۔ عومەر دەبابە داوای دیداری باوکمی لێکردم وگوتی ئاشنایەکم لەگەڵە.....کابرایەک لە پشتەوە دانیشتبوو کە دانەبەزی و داوای لە باوکم کرد کە ئەویش بچیتە پشتەوە و من و کاک عومەر لە پێشەوە دانیشتین....من تەجریش ونیاوەرانم پێشنیار کرد. بەشی زۆری ئەو رۆژە پێکەوە بووین و ئەو دوو کەڵە پیاوەی جیهانی سیاسەت و ئەدەب و فەرهەنگ و کوردایەتی دوور لە چاوی چەتە خەمی کۆنیان بەبادا وهیوای نوێیان هێنا گۆرێ و سەرەنجام زەبیحی هەر چۆن لە ناکاو هەڵ قولیبوو ، هەروابێدەنگیش بزر بوو....ل٣٧١ } تۆ بلێی ساڤاک و ئەمنی عێراقی ئەوەندە لەگوێی گادا نووستبن هەتا زەبیحی فریوی دابن؟؟!! جاران ئەگەر مەکتەبی سیاسی خۆی خستبووە باوەشی ئێران وپاشان عێراق دەبێ عولەمایان بۆ ئالوگۆری زانیاری هەردوو دەزگا (ساڤاک و ئەمن) بەکار نەهێنابێ ، بەزمانی ئێستا کە پێی دەگوترێ (دەبڵ ئەگێنت ). عولەما ئەو دەورەی وازی نەکردبێ؟!
مامجەلال لە (ل٣١٤)دەلّێ {بەلّێ دوای ١٩٦٦ کە زەبیحی چووبۆوە بەغدا و بوو بە مەسئولی تەشکیلات لەوێ کاک عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بە تایبەت زۆر دۆستی عیسا پەژمان بوون کە دەچوونە بەغدا دەچوون بۆلای و کاک زەبیحیش دەیدیت یانی لەمالّی ئەو

دادەنیشتن ، ئەو دەهاتە ماڵی وان ، ئەوە راستە...}.
مەلاماتۆر(عەولا ) بەگاڵتەوە پێی سەیرە زەبیحی کە چەک دەگوازێتەوە کەچی وەرەقەی شێخ عیزەدینی لایە(ل١٨٣){... هەر بەو حیسابە چووبۆوە کەچی دوای ئەوەش هاتەوە کاغەزی دەفتەری عێزەدینی پێبوو ، پێم عەنتیکە بوو! زۆرم پێناخۆش بوو ، خۆشی مورتاح نەبوو. مەسەلەن ئەمن پێم دەگوت ئێستا دەبێ عێزەدین کاغەزی جەنابتی پێبێ کەوا ئەو جێگای ئەعتباری تۆبە، نەک بە پێچەوانە!...}. هەر لەوێش بە تەئسیری مامجەلال لەگەڵ شێخ عیزەدین پەیوەندی دەگری و چەکیش لە بەعس دەهێنی بەناوی روخانی خومەینی تا ئەلترناتیڤێک بۆ حیزبی دیموکرات دروست بکات کە وادیارە ئەوکاتە حیزبی دیموکرات نەدەچووە ژێربالی جەلال . زەبیحی وەکو جاشێکی عێراق چەند جارێک چەک وەردەگری و دەیباتە کوردستانی ئێران ( لە کوردستانی عێراق ئەوەی چەک لە بەعس وەربگری پێی دەڵێن جاش ). کاتێک لە مەهاباد دەگەرێتەوە بۆ بەغدا دوا تەلیفۆن و قسەکردنی لەگەڵ د.عیزەدینی مستەفا رەسولی برادەری فازیل بەراکی بەرێوەبەری ئەمن دەبێ و ئیتر جارێکی تر رەنگ و رووی زەبیحی نامینێ و ئێستاکەش رەنگە لەگەڵ فریشتەکان بۆخۆی هەوالی سەرزەوی و ژێر زەوی بگۆرنەوە. مامجەلال لەبەر ئەوەی باوەری هەبووە ماوە بۆیە هیچی باس نەکردووە بەلام تازە باوەری پاش (١٧سالان...چونکە وتووێژەکەی لەگەڵ مامجەلال لە ١٩٩٧/٢/١٨کراوە) بەوەیە کەباس بکرێت(ل٣٢٢ ) {بەلام پێموایە ئیستا وەختی وەهاتوە کە پیاو باسی بکا}.
عەلی کەریمی چونکە سەر بە مەکتەبی سیاسیە و جەماعەتی شەستوشەشە هەر دەیەوێ ئەو پرسیارە دوبارە بکاتەوە کە ئایا بارزانی ویستویە خالی بکوژی کەچی وەلامەکەی هەر بە نەخێر دەست دەکەوێ ، نازانم بۆچی بۆ ئارایش کردنی کتابەکەی هەندێک لە پارتیەکانیشی بەسەر نەکرد وتەوە هەتا بیروباوەریان دەربارە ی زەبیحی بۆ بنوسیبایە خۆ ئەوکاتەی ئەو خەریکی ئەوکارەی بووە لەگەڵ مامجەلال دەیتوانی

سەرانی پارتی عەلی عەبدولا و سامی و فەرەنسۆ و ..هتد ببینێ هەر وەک توانی فازیل بەراک و لێپرسراوانی بەعس لە بەغدا بەهۆی مامجەلال وسەرکردایەتی (ینک) ببینێ وەیا د.محمود عوسمان کە نزیکی خۆیەتی و لە ئینگلیستانە خۆ دەستی دەگەیشتێ چونکە د.محمودیش هەتا سالی ١٩٧٥یەکێک بووە لە نزیکەکانی بارزانی.برای شێخ جەباریش کە لە بیروت و زۆر شوێن ئێرەیی بە جاسوسی عولەما بردووە و خەبەری لێداوە و بەگرتنی داوە لە شێخ جەبار زیاتر خزمەتکاری بەعس بوو ناوی شێخ سەتارە و ئێستا لای مامجەلالە بۆتە شۆڕشگێر لەهەموو کەس زیاتر دەربارەی خالی دەزانێ بۆچی پرسیاری لێنەکردووە خۆ ناکرێ لەبەرگی دووەمی کتابەکەی تۆماری بکات . ئەو نووسراوەی جەمال نەبەز (ل٤٠٦) دەربارەی زەبیحی زۆر کۆنە خۆ عەلی دەیتوانی ئێستاکەش پرسیار و رای دکتۆری وەربگرتایە بەلام وادیارە دەیزانی چاکی پێداهەلنادا بۆیە بەلای دانەچووە ئەگەرنا نەبەز وا لەبن پالی عەلی لە (ئەلمانیا) دەژی نەک بلاوکردنەوەی کۆنە قینەکان. عەلی حەزی نەکردووە بە خراپتر خالی نیشان بدات ئەگەر نا وەک بیستوومە لەگەل کەریمی حیسامیش دانیشتووە و بیر و رای وەرگرتووە دەربارەی خالی بەلام وادیارە کاک کەریم هێندە بەشان وبالی عولەمای هەلنەداوە بۆیە نەهاتە ریزی نووسراوەکان و جارێ نووسینەکەی قوت دراوە.

## با ئینجا دەست پێبکەین بە نووسراوەکانی ئەو کەسانەی ناویان هاتووە:

## وەک زانراوە و لە نووسراوەکانی عەلی کەریمیش دەردەکەوێ هەژار وزەبیحی دوو دۆست و دوو هاوکار و هاوخەباتی زۆر نیزیک بوون ، جێگای سەرنجە عەلی کەریمی بۆچی بیرورای هەژاری سەبارەت

به زەبیحی نەهێناوەتە نێو کتێبەکەی . (ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت هەژار دژی ٦٦بووە و شیعری دژی برایم ئەحمەدوجەلال گوتبێ وستایشی بۆ بارزانی کردبێ بۆیە لەوکتابە ناونووس نەکراوە...ن.م.ئیسماعیل) بابزانین خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژار لەبارەی زەبیحی یەوە چی ئەڵێ :(((زەبیحی وەک باسکرا دەگەڵ برایم و جەلال کاری دەکرد. کە ئەوانیش بوونە هەواڵی دەوڵەتی بەعسی . زەبیحی ڕێگەی دەرک و دیوانانی بۆکرایەوە گەیشتە رادەیەک هاتوو چۆی قەسری جەمهوری دەکرد جارێک نەمزانی چۆن بوو بێ سەر و شوێن بوو دوو ساڵ خەبەرم نەزانی . لەپڕ هاتەوە سەردنیا و گوتی لە ماڵێکدا حەپسیان کردبووم. دیسان وە قەدر کەوتەوە. بەختیار کە سەرۆکی ئەمنی ئێران بوو، لە دژی شا چوو بوە دەر و لە وێوە هاتبوە بەغدا. زەبیحی کرا بوە وەکیلی دەوڵەت و یاریدەری بەختیار کە بەختیاریش بەفیکی شای ئێران کوژرا، دیسان هاتوو چۆی ژنی بەختیاری دەکرد . کاری لە دەوڵەت بۆ پێک دێنان . ڕۆژێک بە نیوە گاڵتە گوتم :((ئەو بەختیارە فەقیرەت چۆن بە کوشت دا))تووڕە بوو حاشای کرد. گوتم :کاکە تۆ دەتگوت هەر کەس لە ئێرانەوە بێتە لای بەختیار تا من قۆڵی لەسەر نەکێشم و نەڵێم باشە قبوڵی ناکا. دەیسا چۆن ماشێن نووس و خزمەتکاری بەر دەستی قبوڵ کرا بوون کە هەر ئەوانیش ساواکی بوون و لە دەشت بەختیاریان کوشت...پاش ئینقلابی ئیسلامی و شا روخان گوتیان زەبیحی هاتۆتە مەهاباد و شێخ عیزەدینی دیتوە...پاش ماوەیەک شەوێک لە بەغداوە تەلەفونی کرد. حاڵی پرسیم گوتم : (ئەوە ئەم هاتوو چوە و هەڵبەز هەڵبەزەت لە چیە؟ بۆ فەرهەنگەکەت چاپ ناکەی؟) گوتی : ئەم زستانە چاپی دەکەم . گوتیان هاتۆتە لای برای شێخ عیزەدین (شێخ جەلال) لە ڕێگە دێموکرات گرتوویانە و چەک و پارەیان لێگرتوە و بەریان داوە. ئیتر ناوی نەما. پاشان گوتیان لە عێراق بەعسی کوشتوویانە.....چێشتی مجێور ل٥٧٦ـ ٥٧٧))).

## سەلاحوددینی موهتەدی (ل٣٦٥) پاش باسکردنی

سەردێکی مێژووی و خۆی کە خەباتگێر بوە بەڵام یەکسەر  لە پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە تاران هەتا ئینقلاب قوت دەدات و باسی راپۆرت و بەڵگەکانیشی ناکات کە پەیوەندی لەگەڵ ساڤاک هەبووە وبەخەتی جوانی خۆی  بڵاوکراونەوە .
سەلاحوودینی موهتەدی لە سەرەتای ئینقلابی ئێران بە گەرمی هاتە مەیدان بە فیکری خۆی  کە نهێنییەکانی ساڤاک ناگەنەوە کوردستان و ئاشکرا نابێت ، کەچی بەختی باشی بۆ نەهێنا وبە وەی لە ناو (چەکمەجان) هاتە دەر سەڵاح گۆرەپانی بۆ عەبدوڵلا و محەمەدی برای بەجێ هێشت . چونکە ئەو کاتە خەڵکی کوردستان وەدوای جاش و کۆنە ساڤاکی نەدەکەوتن .
نامەی سەڵاحی موهتەدی زۆر شت لە بارەی هەڵبەز هەڵبەزی زەبیحی و گێرە شێوێنی مامجەلال و نەوشیروان روون دەکاتەوە. ناوبراو لەگەڵ ئەوەش کە دەیەوێ پاکانە بۆ خۆی بکا کە قەت ئەندامی کۆمەڵە و ئەندامی دەفتەری شێخ عیزەدین نەبوە لە قەولی محەمەدی برایەوە نەخشەی جەلال تالەبانی و نەوشیروان بۆ پێکهێنانی حیزبێکی (جەماوەری خەتی پان لە کوردستانی ئێران بە پشتیوانیی مادی و نیزامی یەکێتی نیشتمانی ،تۆ بلێ (بەهاندان و پشتیوانی بەعسی عێراق لە رێگای زەبیحی یەوە) بە جوانی دەر دەخات . مامجەلال دەڵێ :(لێی رامەوەستن و دڵنیابن لە هیچ یارمەتی و پشتیوانییەک دریغیتان لێ ناکەین بە تایبەت بۆ پەروەردەکردنی کادری سیاسی و عەسکەری و هەر پێداویستییەکی دیکەشتان. )کاک نەوشیروان دەڵێ: (دڵنیا بن ئەوەندە خەڵکتان لێ کۆدەبێتەوە ئەوکات خۆتان نازانن چۆنیان بحاوێننەوە......ل٣٧٩).
## شێخ عیزەددینی حوسێنی(ل٣٤٣) هەتا ئینقلابی ئێران بە ئەمری تایبەتی شا و بە پێچەوانەی ویستی مەلاکانی مەهاباد بۆتە ئیمام جومعەی مەهاباد ..دیارە مەلاش ئەوکاتە دۆستایەتی ساڤاکی نەکرد بایە ئەو پلەیەی وەرنەدەگرت . ئەگەرچی شێخیش

لەباسی خۆیدا خۆی بە ئەندامی کۆنی ژ.ک داناوە کەچی پاش روخانی کۆمار هەتا ئینقلابی ئێران کوردایەتیەکەی خۆی تەجمید کردبوو بۆ رۆژێکیش نەک هەر پەیوەندی بە تێکۆشەران بەڵکو دووقسەی ئیسلامیشی بۆ ئەو میللەتە داگیرکراوە نەکرد بوو یەکسەر وەکو تێکۆشەرێکی رووحی بە هاندانی جەلال تالەبانی بۆ کەم کردنەوەی دەوری حزبی دیموکرات و وەکو ئاڵترناتیڤ هاتە مەیدان و دەفتەری دامەزراند و لە ژێرەوەش یەکسەر چەک ویارمەتی لە بەعس وەرگرت جا ئەگەر لەرێگای شێخ جەلالی برای بێ یا لەرێگای عولەما و یەکسەرە بێت. هەتا کاتێ هەڵەبجەش لەلایەن عێراقەوە کیمیا باران کرا شێخ عیزەدین هەر پروپاگاندەی بۆ بەغدا دەکرد و دووری دەخستەوە لەو تاوانە نامرۆڤانەیە. هاتوچۆشی بۆ بەهەشتی سوید و کوردستان هەر لەرێگای بەغدا و ئوردن بوو. بەڵام بابزانین (رێبەری میللی و مەزهەبی) دەستکردی مامجەلال وکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆی چۆن باسی پەیوەندی خۆی و زەبیحی دەکات.

(( رۆژێک مام جەلال گوتی پێمخۆشە مامۆستا زەبیحی{جا ئەمن نەم دەزانی مام جەلال لەگەڵ مامۆستا زەبیحی عەلاقەی هەیە و...}بێتە ئێرە و لێرە دەفتەرێک دانێ و دەفتەرەکە وسعەت پەیدا بکا لە کوردستاندا، ئەویش ببێتە سازمانێک، ئەما وەک نێوی {دەفتەر} وە لە هەموو جێگایەک عوزو و ئەندام پەیدا بکا و پرۆگرامێکی هەبێ ...جا ئەمن ئەو وەختی نەم دەزانی ئەوە چەندی کۆسپ لەسەر رێ یە و موشکیلاتی چیە؟ بەراستی ئەو دەم ئەمن زۆر سادەتر بووم لە ئەلئان، کە ئەلئانیش ئەو ئەندازە فڕ و فێڵی سیاسی نازانم. (بۆ ڕاستی و درۆی ئەوە کە فڕ و فێل نازانێ دەبێ لەو مەلایانە پرسیار بکرێ کە ئەندامی دەفتەری مامۆستا بوون و بە تێکڕایی بە جێیان هێشت و وازیان لێهێنا.) من موافقەتم کرد، یانی زۆرم قسە لەسەر نەکرد، پێشم وابوو هەر فەورەن ئێقدام ناکا! بەڕاستی ! جیددەن! بەڵام پاش بەینێک مامۆستا زەبیحی پەیدا بوو لە توژەڵە، پاشان چووینە شێنێ. لەوێش لەگەڵمان بوو بەڵام لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات بەینی نەبوو.

حیزبی دیمۆکراتیش ئەوی ناخۆش دەویست ، تەبلیغاتی دەکرد کە ئەو بەعسییە و فلان و...،( سەبارەت بە پەیوەندی حیزبی دیموکرات و زەبیحی جگە لە شێخ عیزەدین کەسانی تریش لەم گفتگۆیانە دا باسیان کردوە، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ حیزبی دیموکرات کە ئایا وەلامیان دەداتەوە یەن نا:ن.م. ئیسماعیل) ئەو جار ئێمە رابیتەیەکمان لەگەڵ عێراق بەرقەرار کرد، دیارە بە موافقەتی مام جەلال! مام جەلال خۆی دەیزانی ؛ دیارە ئەوەدەم ئەمنیش و شێخ جەلال هەر چی دەمان کرد مام جەلال ئاگای لێ بوو. ل٣٤٥)) رێبەری میللی و مەزهەبی فتوایەکی پاکیشی بۆ زەبیحی داوە و دەڵێ : ((مامۆستا راستە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق گونجانێکی بووە ئەمما لەگەڵ مام جەلال و ئەوانە یەک بووە بە جۆرێک ئەو لای راگرتووە جا نازانم چۆن؟ بەلام بەعسی بەو مەعنایە لە خزمەت ئەوان دابێ و کار بۆ وان بکا وەک ناحەزەکانی بلاویان دەکردەوە و تەبلیغیان پێوە دەکرد، ئەوە نەبوو:ل٣٤٧)) بەو فەرمایشاتەی مامۆستا ئەوە روون دەبێتەوە کە عولەما لەسەر دوو پەت یاری کردووە و سەری لەسەر داناوە. بەلام دەکرێ ئەم پرسیارەش لە جەنابی شێخ عیزەدین بکەیەن کە ئێستا زۆر سادە نیە و لە سیاسەت دەزانێ و ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەییە ئایا ئەگەر ئەم هاتوو چۆی زەبیحی و چەک وەرگرتن لە عێراق و جاش سازکردن لە کوردستانی ئێران بۆ بەعس و ( رابیتەی خۆی و شێخ جەلالی برای لە گەڵ عیراق) ئەگەر(لەگەڵ بوون و کار بۆ کردنی بەعس) نەبێ بە شەرع و بە فتوای وی دەبێتە چی و ناوی چی لێدەنێ ؟!.

## دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ(ل٢٢٥) لەوباسەی خۆیدا زۆرجار باسی سوریا دەکات کە لەگەڵ زەبیحی بووە کە جارجار ناوی مامجەلالیش دەهێنی گوایە بۆ شایەدی لەوێ بووە بەلام مامجەلال لەیەک شوێنیش ناوی عیزەدین ناهێنێ جا خوێنەر نازانێ کامەیان مێشکیان ژەنگیان هەڵهێناوە و بەکامەیان باوەربکات بەلام بابزانین عیزەدین چۆن بووە.

((( له حەفتاکاندا کە عیزەدین مامۆستابووە لەبەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا بۆ ماوەی ساڵێک (التفرغ العلمی) وەرگرت لەدەرەوەی وڵات لە مۆسکۆ بیباتە سەر. ...لەلای نزیکەکانی خۆی و فەریکە مارکسییەکان ئەیووت پارتی کۆمۆنیست ناردوومی لە ئینیستیتووتی کادیر ی سەر بە لێژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بخوێنم . لەلایەکی تر ئەیووت زانستگای بەغدا ناردوومی مەسەلەیەکی ئەدەبی یەکجار گرنگی رۆشەنبیری کوردی ساغ بکەمەوە. کەچی راستییەکەی چوونی ئەو بۆ مۆسکۆ ئەوە بوو موخابەراتی عێراق نادربووی لەو رۆژگارەدا فازیل بەراک ئەفسەری ئاسایش بوو لە باڵیوزخانەی عێراق لە مۆسکۆ پەیوەندی بە (KGB)یەوە هەبوو. هەروەها قوتابیش بوو لە بەشی مێژووی ئینیستیتووتی رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە مۆسکۆ لەسەر هەرای رەشید عالی نامەی دکتورای ئەنووسیەوە(نامەکەش ئەلیاس فەرح بۆی دەنووسیەوە و رەوانەی مۆسکۆی دەکرد چونکە فازیل بەراک نەیدەزانی بنووسی و پاشانیش کتابی مصطفی البارزانی الاسطورە و الحقیقە بغداد١٩٨٩عیزەدیین مستەفا بۆی نووسیوە و رێکی خستووە، هەر شتێکیش بەکوردی دەردەچوو بە نرخی ١٥٠ دینار عیزەدیین بۆی دەکردە عارەبی و کورتی دەکردەوە...ن. م.ئیسماعیل) .ماوەی ساڵێک عیزەدین لەژێر دەستی فازیل بەراک لە مۆسکۆ کاری جاسووسی ئەکرد .....بۆ ئەم کارە مووچە و معاشی وەرئەگرت بەتایبەتی لە کۆگاوکانتینی باڵیوزخانەی عێراق لە موسکۆ بە سندووق ویسکی بەبێ پارە وەرئەگرت بۆ ئەوەی لە دەعوەتەکانی بۆ عێراقییەکانی دوور لە دەسەڵاتی بەغدا بەکاری بهێنێ و بە واتای خۆیان بیان هێنیتەوە سەر خەت . لەدوای گەرانەوەی بۆ وولات و تا لەناوبردنی فازیل بەڕاک ،عیزەدیین پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو. (جاروباریش بەناوی سەفەر دەیانناردە ئەوروپا خەبەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان بۆ بەرێتەوە. لەوکاتەدا سەفەر بۆ هەموو خەڵکی عێراق قەدەغە بوو عیزەدین ساڵێ یەک دووجار لە بولگاریا و ئەڵمانیا و ئینگلستان

سەری وەدەر دەنا...ن.م.ئیسماعیل) ئەمە ئاشکرایە لای هەموو کەسێکی عیزەدیین بناسێ . شایەتی ئەم قسانەی ئێمە (عەبدولسەتار تاهیر شەریف)ە.)))...(بۆ زیاتر زانیاری سەیری : کانگای ئاژەوەی مەیدانی سیاسی و رۆشنبیری کوردی ل٤٧ـ٥٨... گۆڤاری خوێندکاری کورد ژمارە ٢٦ گەلاوێژی ١٩٩٨ بە قەڵەمی سەفین )بکەن.

## مەلاماتۆر(مەلاعەولا) هەتا راپەرینی ١٩٩١وەزیری بەعس بووە، سەرەتا بە هاندانی رژێمی بەعسی عێراق پارتیەکی (کارتۆنی) دامەزراند.سەرەتا جەلالی بوو پاشان کەزانی مەکتەبی سیاسی دەستی لەگەڵ رژێم تێکەڵاوکردووە ئەویش بۆخۆی بەبێ ئەوەی ببیتە پیاوی ئیبراهیم وجەلال بوو بە پیاوی بەعس و  لە ئیبراهیم وجەلال خۆشەویستربوو لای رژێم، ئێستاکەش وەکو موتەقاعیدی وەزیری عێراقی لە هەولێر دانیشتووە و خەریکی نووسینی بیرەوەریەکانیتی کە بەرگی یەکەمی چاپ کردووە .

## شێخ لەتیفیش هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بوو پاشان بووە پیاوی رژێم و ناوچەیەکیشی لەلایەن رژێمەوە پێشکەش کرا لە هەولێر ئێستاکەش بەناوی لەتیفاوە بەناوبانگە و زەویەکانیش لەبڕی خوێنی ١٢٠هەزار ئەنفاڵ و ٨٠ هەزار بارزانی و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە بەدیاری لە بەعسی وەرگرت و بووە موستەشار و سەرۆک جاش ،ئێستاکەش وەکو شۆرشگێر و دۆست و باوە ڕپێکراو وا لای مامجەلالە.

## عیسا پەژمان یەکێکە لە کۆنە ساڤاکەکانی ئێران و لە نووسینەکانی خۆی بە شانازییەوە باسی تێکۆشانی خۆی و ساڤاک  و هاوکاری زەبیحی دەکات لە پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسی و گرێدانیان بە ساڤاک . ئێستاکەش وا لە پاریس دەژی و دۆستی ئیبراهیم و جەلالە.

## ئیبراهم ئەحمەد سەرەتا وەکو نووسەرێکی بەتوانا هاتە مەیدان و گۆڤاری گەلاوێژی لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سوجادی دەرکرد. پاشان کەوتە ناو سیاسەت و لە شۆرشی کورد هەڵگەراوەو پەیوەندی بە شای ئێران بەر لە مەلامستەفا بەست پاشانیش بووە پیاوی رژێمی عێراقی و چەکی لەدژی کورد لەشان کرد و مێژووی شەستوشەشی بۆ جەماعەتەکەی مسۆگەرکرد، پاشانیش تەقاعودی پارێزەری بۆ دەچووە لەندەن و لەلایەن حکومەتی عێراق پێشکەشی دەکرا. ئێستاکەش نەخشی هەیە بۆ یەکێتی نیشتمانی و مامجەلال بۆ کۆنگرەی نەتەوەیش لە هەوڵ دایە.

## مامجەلال تاڵەبانی هەر لەسەرەتای جیابونەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران گرت ، پاشان بووە هەڵگری چەکی رژێمی عێراق دژی شۆرشی کورد و پاشان ناوی جەلالی بەو بەشە دابڕا کە پێیان دەڵێن جاشی شێستوشەش . پاشان هاتە لوبنان و لەوێ حەزی دەکرد ببێتە پاراستن و لەگەڵ نوێنەری پارتی لە لوبنان کاربکات ، بەڵام رەفزی وەرگرت و ئەو پاداشەی وەرنەگرت ،ماوەیەک لەبەر دەستی عەزیز شێخ رەزا دا کاری دەکرد ،{عەزیز لە پاراستنی پارتیدا کاری دەکرد، لە رێگەی پاراستنەوە زانیاری دەنارد. تاڵەبانی جگە لەوەی یاریدەری عەزیز بوو هانی خەڵکیشی زۆر دەدا بچنە ناو پاراستن}. پاش هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلول لەگەڵ چەند کەسانێک و بە پشتیوانی و هاوکاری موخابەراتی سوریا (ینک)ی دامەزراند . لە کاتی هێنانەوەی قەبری بارزانی لەسەری خۆی دەدا و بەشان وباڵی بارزانی هەڵدەدا ،پاشانیش لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆنەجاشان جنێوی بە بارزانی دەدا.

جارێک لەگەڵ سوریا جارێک لەگەڵ تورکیا جارێک لەگەڵ ئێران و جارێک لەگەڵ عێراق هاوپەیمان ودۆست بووە. ئێستاکەش لەگەڵ رژێمی ئێران هاوخەباتە.هەروەک سەردەمێک پاسداری دێنایە کوردستان ، ئێستا لەشکری بەدری شیعە دێنیتە کوردستان .

## نەوشیروان مستەفا سەرەتا وەکو جەلالی هاتە مەیدان وپاشان دەستی کرد بە قومبەلە تەقاندنە وە لەناو قوتابخانەی سلێمانی و پاشان کوشتنی هاوڕێ و برادەرانی خۆی. خەڵاتی ترسنوکانەی پشتناشانیشی وەرگرتووە و پاشان لە کتابەکەی حەمەی حاجی محمود رونکراوەتەوە کەچۆن ئاڵای سپی هەڵگرتووە و چۆن دەپاڕێتەوە کە ڕێگای بدەن بچیتە دەرەوە و شۆرش بەجێ بهێڵێ ، خوێنەریش با سەیری هەر سێ بەشی کتابەکەی نەوشیروان بکات .
کاتی خۆشی بەپارەی رژێمی عێراق لە بەغدا لەگەڵ زەبیحی دژی شۆرش رۆژنامەی (النور)ی دەردەکرد.
ئێستاکەش لەشاری سلێمانی پەیکەرێک بۆ زەبیحی دروست کراوەو لە یەکێک لە گۆرەپانەکانی ئەو شارە دانراوە و لێی نووسراوە ((تێکۆشەر و روناکبیری گەورەی کورد عبدالرحمن زەبیحی (عولەما) ١٩١٨ـ ١٩٨٠ )). وادیارە تازە مامجەلال هەواڵی نەمانی زەبیحی زانیوە بۆیە هەتا دڵسۆزی خۆی بۆ برادەرەکانی دەربڕێ ئەو دیاریەی پێشکەش بە عولەما کردووە، بەڵام لەبەر خاتری کۆماری ئیسلامی ئێران قاسملۆ و شەرەفکەندی ئەو دیارییەیان پێشکەش ناکرێ و پێیان رەوا نابینرێت .
هەوڵ و کۆششی عەلی کەریمی و شاهیدەکانی هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕن کە زەبیحی بووە قوربانی کاری جاسوسی و بەرێوە بردنی پیلانەکانی رژێمی بەعسی فاشی کە تێیدا سەر نەکەوت. لەکردەوە ی ئاوادا سەر دەچێتە ژێر چەقۆ، وادیارە عولەما بە فیکری خۆی لەو باوەرە دا بووە کە دەتوانی داواکاریەکانی رژێم جێبەجێ بکات و سەرکەوتن بەجێ بهێنی بەڵام کە کار بووە دووسەرە بۆ ئەو زەحمەت بووە سەرکەوتن بەجێ بهێنی ئەگەرنا بۆچی نەهاتە دەرەوە و ژیانی پەناهەندەیی وەکو برایم ئەحمەد و عیساپەژمان و سلاحی موهتەدی و ئەوانی تر بباتە سەر .کاری جاسوسی ژیانی کورتە و هێندە سەرکەوتن بە دەست ناهێنی . زەبیحیش بووە قوربانی ئەو رەوشتە ناشرینە و یاریکردن لە

سەر دوو پەت کە پێی دەوترێ ( دەبڵ ئاگێنت). عەلی کەریمیش کە هێندە بۆ خاڵی دڵسۆز بوو، باشتر بوو تەنیا نووسینەکانی کۆبکردایەوە و بەم خۆماندوکردنە و شاهێد پەیدا کردنە نەسکۆیی لە دیزە وەرنەدابایە وە بە نووسینی ئەم کتێبە خەڵکی کوردی لە رابردوو و کردەوە و تێکۆشانی زەبیحی لە دەرەوە ئاگادار نەکردبایەوە.

لەندەن ١٩٩٩/٩/١٢

((ئەمن پێم باشە ئەگەر بۆت بکرێ نامەیەک بۆ سەدام حوسێن بنووسی ، بڵێی کە من ئەوە خوارزای فلانەکەسم و ئەو کەسە قاموسێکی ئاوای داناوە، کاتی خۆی کە مفاوزات هەبوو لە بەغدا ئەمن هاتم بە هۆی فلان کەسەوە، دوکتۆر فازیل بەڕاک پێی وتم شتەکان لای ئێمەیە بەڵام ئەگەر مفاوزات سەری گرت دەتان دەینەوە، بڵێ زۆر مەمنون دەبم کە ئەو شتانەم بدەنەوە یان هیچ نەبێ خۆتان قامووسەکەی چاپ کەن . کاغەزێکیش بنووسە بۆ تەها محێدین مەعروف کە زۆر دۆستی زەبیحی بوو، کاغەزەکەی سەدام بخە ناو کاغەزەکەی ئەو و بزانە دەڵێن چی؟! هیچ ڕێگای تر نییە ڕەنگە سەدام عەقڵی بیبرێ و بڵێ بیاندەنەوە !...مام جەلال)))

**بەرگ**